# خوێندنەوەیەکی ئێگزیستانسیالیستی لەمەڕ بەشێک لە شیعرەکانی هێمنی موکریانی

**چنوور سەعیدی***
**(سنە)**

**کورتە باس**

لەم وتارەدا خوێندنەوەیەکی ئێگزیستانسیالیستی لەسەر هەندێ لە شیعرەکانی مامۆستا هێمن دەکرێ، هەروەها بە تیشک خستنە سەر چەمکی ئیرادە و ئازادی، بەرپرسایەتی و بەڵێندارێتی، ژن، ڕەنج و تەنیایی و واتە و ڕەهەندەکانی، بەرهەمەکانی لە سونگەی ئەم قوتابخانەیەدا تاوتوو دەکرێ.

گرینگی ئەم باسە لەوەدایە کە سەرەڕای خوێندنەوەی ئەدەبی و زمانناسانە، پێویستە هەندێ خوێندنەوەی فەلسەفی- ئەقڵانی لە بارەی شاعیرە مەزنەکانەوە بکرێ، بە تایبەت (هێمن)ی شاعیر، کە کاریگەری بەرچاوی لە بەرەو پێشەوە بردنی ڕەوتی زمانی یەکگرتوو و ڕەوتی ئەدەبی کوردیدا هەبووە. لەم وتارەدا لە شێوازی شیکاری- لێکدانەوەیی کەڵک وەرگیراوە، یەک لە دەرەنجامەکانی ئەم بابەتە ئەوەیە کە (هێمن)ی شاعیر وەک شاعیرێکی ئێگزیستانسیالیستی سیاسی کورد شیکاری لەسەر کراوە، چونکە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بیچم گرتنی چەمکی "خەباتی بەرپرسانە" و دارشتنی وێژەی بەڵێندارێتی و بەرخۆدان لە بەستێنی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە. هەر لەو بوارەشەوە دەکرێ هەست و ئەندێشەی شاعیر و ڕەنگدانەوەی لە ژیانی سیاسی و وێژەییدا وەک دەق و بەرهەمێکی تۆکمە و بە پێز لە ئاستی وێژەی کورد ئەژمار بکرێ.

وشە سەرەکییەکان: ئازادی، وێژەی بەڵێندار (متعهد)، ڕەنج، ژن، شۆڕش.

**پێشەکی**

لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێ چەمکە گرینگەکانی ئێگزیستانسیالیسم و بوونخوازی، یان هەمان ڕەسەنایەتی مرۆڤ شی بکرێتەوە، وەک هەڵبژاردنی ئازاد و بێ دەربەست، ئازادی، شۆڕش، بەرپرس بوون لە بەرانبەر خود و ئەوی دی و جەماوەر.

(هێمن)ی شاعیر شاعیرێکی نەتەوەیی و مرۆڤ دۆستی کورد بووە و هەوێنی ئەندێشەکانی خەون و ئازارەکانی مرۆڤ بووە، هەروەها لەبەر ئەوەی کەرەستە شیعرییەکانی ئەو شاعیرە پایە بەرزە سووژەگەلی بەرهەست و (انظمامی) بووە و بەردەوام لە هەوڵی گۆڕانکاری و چاکخوازی کۆمەڵگەکەیدا بووە و خەونی ئازادی و سەربەست بوونی نەخشاندووە، دەتوانین بە شاعیری گەل، شاعیری خەونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ، شاعیری بواری کرداری



**هێمن**

بیناسین، هەر لەو ڕەهەندەشەوە دەلوێت ئەم گریمانەیە بێنینە ئاراوە کە" ڕەگگەلێکی ئێگزیستانسیالیستی لە شیعرەکانی (هێمن)دا خۆ دەنوێنن، هەر بەو پێیەش دەکرێ بە پشت بەستن بە چەمکگەلی ئازادی، بەڵێنداریێتی، بەرپرسایەتی، هەڵبژاردن و چێکردنی چییەتی و چارەنووسی خۆ، وەک شاعیری ئێگزیستانسیالیستی کوردی پێناسە و خوێندنەوەی بۆ بکرێ".

١- ئێگزیستانسیالیزم یان بوونخوازی چییە؟

کرداری (Existo)، یان (Existare) لە زمانی لاتینیدا بە واتای "چوونە دەرەوە"، "خوویا بوون" و "دەرکەوتن"ە، کە لەگەڵ "بوون و هەستی"دا هاوتایە، ئەم وشەیە ئاماژە بە جۆری تایبەتی مرۆڤ دەکات، کە بوونەوەرێکی وشیار و بە ئیرادەیە.

(ex)، واتە دەرەوە، لە کرداری(Stare)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، بە واتای وەستانە و پێکەوە دەبێتە لە دەرەوە وەستان، واتە لە دەرەوەی بوونەوە ڕاوەستان، سەرتر لە بوون.

لەم واتایەدا، (وجوودی حصولی) لە بەرانبەری، (وجوودی حضوری)دا ڕادەوەستێ، ڕاستییەکەی ئەم جۆرە لە بنچینە ناسییە پێمان دەڵێ کە مرۆڤ خۆی لە (bing) کە تایبەت بە هەموو جۆرە بوونەوەرێکی گیاندار و بێگیانەیە ڕزگار دەکات و بە ڕەوە (Become) هەنگاو دەنێ، واتە لە بوونەوەرەوە بۆ مرۆڤ دەچێ (نوالی، ١٣٧٢: ١٧).

بوونخوازی، یان ڕەسەنایەتی مرۆڤ زۆرتر بە سارترەوە ناسراوە، کەچی لە دەقەکانی ئاگۆستین و کتێبی سەردەمی کۆندا ڕەگگەلێکی بوونخوازیش بە دی دەکرێ، بەڵام کیەرکێگاردیان بە باوکی ئەم قوتابخانە فەلسەفییە ناوزەد کردووە، هەموو بوونخوازەکان خۆیان سەر بە ئەم قوتابخانەیە نازانن، هەر چۆنێک بێت بەسەر دوو لقدا دابەش دەکرێن، لقی ئیلحادی، یان خودا ناباوەڕ کە سارتر و هایدگەر و نیتشە و کامو نوێنەرین، لقی دووەم خودا باوەڕەکانن کە دەتوانین لە مارسێل و کیەرکێگارد و یاسپێرس ناو بەرین.

ئێمە لەم وتارەدا تیشک دەخەینە سەر بۆچوونەکانی سارتر و کامو لە دوای دووەمین جەنگی جیهانی، هەروەها کیەرکێگارد.

**١-١- هەندێ لە بنەماکانی ئێگزیستانسیالیزم**

**١-١-١- بوون لە پێشەوەی چییەتییە**

واتە مرۆڤ سەرەتا هەر وەک تەختەیەکی سپییە کە هیچی لەسەر نەنووسراوە، بۆیە هەڵگری هیچ جۆرە پێش گریمانە و پێش پێناسەیەک نییە، مرۆڤ بوونی هەیە و سەرنجی بوونی خۆی دەدا، ئینجا خۆی دەناسێ، بوونخوازی، یان ڕەسەنایەتی مرۆڤ، فەلسەفەی کار و هەرمانە، فەلسەفەی خەبات و گۆڕانە و مرۆڤ بەو هەڵبژاردنانە کە دەیانکات چییەتی خۆی چێ دەکات. تەنیا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادانە و کردارەوە دەتوانێ بیچم و ڕێباز بە زەینی گەرۆکی بەخشێ و ببێ بە بکەرێکی ئاگا و نەهێڵێ هیچ جۆرە پێکهاتەیەکی زانستی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری، لە پێشدا پێناسەی بەسەردا بسەپێنن (لاوین، ١٣٧٨: ٤١٦).

**١-١-٢ بەڵێن و بەرپرسایەتی و ئازادی**

گەر بە ڕاستی بوون لە پێشەوەی چییەتی بێ، کەواتە مرۆڤ بەرپرسی خۆیەتی، خۆی و هەموو هەڵبژاردەکانی، خۆی و چارەنووسی، ئەم فەلسەفەیە هەوڵ دەدا مرۆڤ بکاتە خاوەنی بوونی خۆی، ئەم بەرپرسایەتییە نەک هەر تاکەکەسی، بەڵکو کۆمەڵایەتیشە، سارتر دەڵێ: ئەم دنیایە "نامۆبییە"، بارودۆخ و هەلومەرجە، دەبێ

بیستێنمەوە و بەرپرسایەتیی قبووڵ بکەم، دەبێ بیشیگۆڕم، هەم بۆ خۆم و هەم بۆ خەڵک (سارتر، ١٣٤٠: ١٠٦).

**١-١-٣- مرۆڤ باوەڕی**

ئێگزیستانسیالیزم، فەلسەفەی مرۆڤ تەوەرە، تیشک دەخاتە سەر ئیرادە و ئیختیاری مرۆڤ بۆ گۆڕانکاری و دروستکردنی کەسایەتی خۆی، فەلسەفەی گەڕان بە دوای واتادایە (فلین، ١٣٩٠: ٢٣).

**١-١-٤- پووچی، دڵەڕاوکە**

ئەم دڵەڕاوکەیە بەرانبەر بە دوو بابەت خۆی دەنوێنێ: مەرگ و نەبوون، بەڵێن و بەرپرسایەتی ئێگزیستانسیالیستی.

بە ڕای هایدگەر، ئێمە بە بێ ئەوەی گەرەکمان بێ بەسەر ئەم جیهانەدا "فڕێ دراوین"، لەگەڵ ئەم فڕێ دراوییە و هاوکات پێشبینی نەکراوەییە، مردن و ئاوا بوونیش هەیە کە هەڵاتن لێیْ نەلواوە، وێنا کردنی ئەم ڕاستییە کە بە مەرگەوە مرۆڤ چی دی تەواو دەبێ ترسێنەر و پڕ دڵەڕاوکەیە.

بەڵام ئەم دڵەڕاوکەیە لە ڕوانگەی سارترەوە واتایەکی جوانتر لەخۆ دەگرێت، چونکە بە چەمکی کردارەوە گرێ دەدرێت، بە ڕای سارتر مرۆڤ هەمان دڵەڕاوکەیە، کاتێ ناچارە بە بێ هیچ جۆرە پاڵپشتییەکی میتافیزیکییەوە چارەنووسی خۆی و جەماوەرێک هەڵبژێرێ و بەرپرسی ژیانی هەمووانە، ئەم دڵەڕاوکەیە بەردەوام لە هەڵبژاردنەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە و تا کاتی مردن لە کۆڵی نابێتەوە.

**٢- سارتر و وێژەی بەڵێندار**

ئاگری دووەمین جەنگی جیهانی کە لە ساڵی ١٩٤٥دا کوژایەوە، بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە بۆچوونەکانی سارتردا، ئەو کاتە سارتر لەو شەڕەدا بەشداری کرد و بەدیل گیرا و فەرەنسا لەلایەن نازییەکانەوە داگیر کرا، سارتر کە پێشتر بڕوای بە نیهلیزم و تاکخوازی بوو و چەمکی ئازادی لای ئەو لە بازنەیەکی بەرتەسکی تاکدا دەسووڕایەوە، کە بینی وڵاتەکەی بە دەستی دوژمن سووکایەتی پێ دەکرێ، بە ئەندێشەی خۆیدا چووەوە و کتێبی " ئێگزیستانسیالیزم و ڕەسەنایەتی مرۆڤ" و "وێژە چییە؟"ی نووسی.

ئەو هەمیشە حاشای لە کۆمۆنیست بوونی کردووە، چونکە هێشتا بڕوای بە تاکخوازی بوو، بەڵام لەبەر هەڵوێستە دژە بورژوازییەکانی هەمیشە هۆگری سۆسیالیزمی ڕادیکاڵ بوو (استراترن، ١٣٨٢: ٥٦ تا ٦٥).

سارتر لە کتێبی "وێژە چییە؟"دا مانیفێستی ئەدەبی خۆی دەردەبڕێ، ئەو کاتەی کە هۆگری مارکسیزم بوو و لەژێر ئەم وتە بەناوبانگەی مارکسدا کە دەڵێ: "فەیلەسووف بە درێژایی مێژوو پێناسەی جیهانی کردووە و ئێستا کاتی گۆڕانیەتی"، ئەویش لەژێر کاریگەری ئەم پەیڤەدا دبێژێ: "نووسەر دەبێ بە نووسینەکانی کاریگەری لەسەر دنیای دەوروبەری دابنێ و بیگۆڕێ".

بە گشتی ئەدەب لای سارتر پێش دووەمین جەنگی جیهانی کە لە ڕۆمانی "تهوع= ڕشانەوە" باسی دەکات، تەنیا چەمکێکە وا مرۆڤ لە پووچی و بێ مانایی ژیان ڕزگار دەکات، لە دوای جەنگیش پێی وایە کە نەک هەر ڕزگارکەری تاکە، بەڵکو هی کۆمەڵگەشە، ڕاستە کە لەم کتێبەدا ئەو ئەرکی کۆمەڵایەتی و بەرپرسایەتی هونەرمەند سنووردار دەکات و ڕۆمان و پەخشان و شانۆنامە و شیعر بە هەڵگری ئەم ئەرکە نازانێ، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە دژایەتی لەگەڵ شیعر کردووە، دوایی بارەقەڵایی شیعری شاعیرانی ڕەش پێستی فەرەنسی دەداتەوە و باسی بەڵێندار بوون و بە ئەمەگ بووی ئەو شاعیرانە دەکا بەرانبەر ڕەنج و نابەرابەرییەکانی گەلەکەیان.

لە ڕوانگەی سارترەوە نێوان ئازادی و کردار، پێوەندی ڕاستەوخۆ هەیە، ئازادی هەمان کردارە و ئەو فەزیلەتە دەروونی نییە کە هۆگری بە هەلومەرجەکانمان لێ بستێنێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هێزی دەرگیر بوونە لەگەڵ کرداردا لە پێناوی سازکردنی داهاتوودا، چونکە مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە کە ناتوانێ بێ هەڵوێست بێ، واتە کە بخرێتە ناو هەلومەرجی نابەدڵخوازەوە، ئەوە بێ گومان دەیگۆڕێ.

یەک لە پاڵەوانەکانی سارتر دەڵێ: ئێمە دەمێکە مردووین، لەوەتەی کە چی دی ناتوانین بە سوود بین (سارتر، ١٩ و ٢٩: ١٣٤٠).

**٣- مامۆستا هێمن و چەمکی بەڵێنداری**

لەم وتارەدا ناپەرژێمە سەر ژیاننامەی مامۆستا هێمن، بەڵکو هەوڵ دەدەم ئەو چەمکە ئێگزیستانسیالیستییانە وا لە سەرەوە باسیان لێ کرا لە شیعرەکانیدا بخەمە بەر

چاو.

هێمن شاعیرێکی خەباتکارە، خەبات دژی سیستمی ئاغاواتی و کۆنەپەرستی و دژە ژن، هەروەها داگیرکاری کوردستان. هێمن ناتوانێ بەرانبەر بە هەژاری و بێ بەشی گەلەکەی بێ دەنگ بێ، هێمن دەنگی ڕەسەنی هەژارانە، لە شیعری "ئارەق و تێن"دا بە زمانێکی ساکاری جووتیارانەوە باسی نرخی جووتیار بۆ کۆمەڵ دەکات و هاواری چەوسانەوەی جووتیار دەکات، بۆ هێمن، مرۆڤی زەحمەتکێش، خۆشەویستە:

**من جووتیارم، من جووتیارم**
**من لەگەڵ هەتاو هاوکارم**
**من بە ئارەق و ئەو بە تێن**
**دامانڕشتووە بناغەی ژین**
**باسکی من و تیشکی ئەوی**
**دەستێنین بژێو لە زەوی**
**گەر جووتیار ئارەق نەڕێژێ**
**گەر هەتاو تیشک ناوێژێ**
**دانیشتووی ناو کۆشک و قەڵا**
**دەخۆن نانی گەڵا گەڵا؟** (هێمن، ٢٠١٢: ١٢).

هێمن هەروەها بڕوای بە " وێژەی بەڵێندار" هەیە و قبوڵی کردووە کە ئەرکی شیعری شاعیری گەلی چەوساوە، تەنیا لێکدانەوە و خستنە ناو هۆنراوەی سروشت و جوانی نییە، شاعیر پێش هەموو شتێک مرۆڤە، مرۆڤێکی هەست ناسک، بەڵام بیرتیژ و بە ئیرادە، مرۆڤێک کە توانایی گۆڕانی کۆمەڵگەی هەیە، بۆیە بۆ خۆیشی سەرەڕای شاعیر، خەباتکارێکی کارایە، هێمن لە شیعرەکانیدا ستایشی ئازادی دەکات، خەونە مەزنەکانی گەلەکەی دەنەخشێنێ، پێناسەی جۆری ژیانی ئازادانە و دڵخوازێک دەکات، کە هەم بۆ خۆی دەیەوێ و هەم بۆ ئەوانی دی.

لە "پەری شیعر"دا باسی ئەوە دەکات کە گوایە کچێک داوای شیعرێکی لێ دەکات کە هەڵگری هەندێ تایبەتمەندی بێ، ئەو تایبەتمەندییانە ڕێک لە هەموو شیعرێکی مامۆستادا هەیە و زۆربەشیان دەچنە خانەی شیعری بەڵێندار و کارکردییەوە:

**شیعرێک سروودی شادی بێ**
**شیعرێک دەنگی ئازادی بێ**
**شیعرێک ڕەق بێ، ڕق بێ، قین بێ**
**گڕ بێ، بڵێسە بێ، تین بێ**
**شیعرێک سەنگچنی سەنگەر بێ**
**شیعرێک بریقەی خەنجەر بێ** (هێمن، ٢٠١٢: ٢٠٧).

یان لە "بەهار هەر دێ"دا ستایشی ئازادی دەکات:

**دەزانن زامی دیلی چەند بە ئێش و چەند بە ئازارە؟**
**دەبێ ڕابێین هەتا ئێمەش دەگەینە ڕیزی سەربەستان**
**خەتای خۆمانە تا ئێستا کە هەروا کۆیلە و دیلین**
**ئەوانەی شاد و ئازادن، کەمێ زووتر لە خەو هەستان**
**نەتاندیوە کە ڕووباری خوڕێن بەردی دەقەڵشێنێ؟**
**وەهاشە هەر کە زۆرداری دەسووتێنێ گڕی هەستان**
**سەهۆڵبەندانی بێدادی ئەگەرچی تووش و دژوارە**
**بەڵام لێم سوورە وەک ڕۆژی بەهار هەر دێ لە دووی زستان**
(هێمن، ٢٠١٢: ٣٤٧).

لە شیعری " شەپۆلی تۆڵە"دا باسی واتای چەوسانەوە دەکا و خەڵک هان دەدا کە بەرانبەر بە ستەم و زۆرداری و داگیرکەر ڕاوەستن و بە هەڵبژاردنی ژیانی سەربەستانە و دڵخواز، ببن بە سووژەی کارا:

**کوردە ئەی کوردی لە خۆشی بێبەش!**
**بەس نییە کۆیلەتی دێوزمەی ڕەش؟**
**باژوێ ئەسپی هەوەسی خۆی هەروا؟**
**بتگرێ، بتکوژێ وا بێ پەروا؟**
**زەجر و ئازار و شکەنجە تا چەند؟**
**وەختی وەی هاتووە خۆت ڕاپسێنی**
**تۆڵە وەرگرییەوە، هەق بستێنی**
**تاکو شۆڕش نەکرێ توند و تیژ**
**تاکوو سەنگەر نەگرێ لاو و کیژ**
**نادرێ مافی گەلی کوردی دلێر**
**هەر دەبێ وا لە قەفەز دا بێ شێر** (هێمن، ٢٠١٢: ٢٢٢ تا ٢٢٤).

لە کۆتایی ئەم باسەدا با ئاماژە بەو خەونە جوانانە بکەین کە لە شیعری " ئاواتی بەرز"دا بۆ گەلی کورد دەینەخشێنێ، ئەم شیعرە پەسەندی ژیانە، "پەسەندی ژیان" تاقە یاسای ئاکاریی بەرزە مرۆڤی نیتشە، فەیلەسوفی بوونخوازە، پەسەندی ژیانیش هەڵگری ئەم چەمکانەیە: بەهێز، ئەرێ بێژ بە ژیان، داهێنەر، شاد و ئازاد (لاوین، ١٣٧٨: ٤١٣). ئەم شیعرە ئەو وەسفە وە بیر دێنێتەوە کە لە دوای ئازادی فەڕەنسا، هەندێ لە

رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە بە فەلسەفەی بوونخوازییان ناو هێناوە" ئومێدی" نائومێدان

**هەرکە کەوتە دەستی کورد چارەنووس و کاری کورد**
**مەدرەسە و دانیشکەدە بۆ شار و لادێ دادەنێن**
**خەستە خانەشمان دەبێ، دوکتور و دەرمانیش فرە**
**ناکەوێ تازە لە کووچان خەستە و بیماری کورد**
**ئەو زمانە شیرنەی ئێمە پەرەی دەگرێتەوە**
**نادرێ چیدی کتێب و دەفتەر و ئەشعاری کورد**
**رەونەقێ پەیدا دەکا ئەو جارەکە بازاڕی کورد**
**دادەمەزرێنن لە گشت شاری وڵات کارخانەیەک**
**دەست لە ئەستۆی یەک دەکەن ئازاد و شاد و بەختەوەر**
**کیژ و کوڕ، لاو و گراوی دڵبەر و دڵداری کورد**
(هێمن، ٢٠١٢: ١٧١ تا ١٧٣).

### ٤- رەچەڵەکناسی چەمکی رەنج لە شیعری (هێمن)دا

چەمکگەلی وەک رەنج و حەسرەت و دەربەدەری و تەنیایی و ماندوویی لە شیعری (هێمن)دا رۆڵێکی کاریگەر و سەرەکییان هەیە، کە پێویستە خوێندنەوەیەکی بوونخوازانەیان لە مەڕ بکرێ.

کیەرکێگارد کە بە باوکی ئێگزیستانسیالیزم دەیناسن، بەم پەیڤەوە لە بیری زۆربەماندا ماوەتەوە کە دبێژێ: "بە دوای ڕاستییەکەوەم کە تەنیا بۆ من ڕاستی بێ، بۆ ئەو ڕاستییە بژیم و لە پێناویشیدا بمرم".

باوکی بوونخوازی لە کتێبی "ترس و لەرز"دا کە ڕاستییەکەی پەسن نامەیەکە بۆ ئیبراهیم پێغەمبەر، باسی جۆرە تەنیایی و نامۆیی و هەڵبژاردن و بڕوایەک دەکات کە لە ئازارەکانی مامۆستا هێمنەوە زۆر نزیکە. لە ڕوانگەی ئەم قوتابخانەیەوە ئەوەی کە مرۆڤ لە ئاژەڵ و شتومەک و گژوگیا و سروشت جیا دەکاتەوە، دۆزینەوەی خۆی وەک تاک، وەک سووژەی شناس و پەیڕەوی لە یاسای خود موختاری عەقڵانییە، دڵڕاوکەش بەرهەمی ئازاری زانینی ئەم ڕاستییەیە کە هەموو شتێ لە ئەستۆی خۆمانە و کەس نییە بەرپرسی کردەوەکانمان بێ (وارنۆک، ١٣٨٦: ٦٠). بە وتەی هایدگەر مرۆڤ بوونەوەرێکی تەنیا و فرێدراوە بەسەر جیهاندا و بە بێ یارمەتی خواستن لە هێزە میتافیزیکییەکان دەبێ چارەنووسی خۆی دابین بکات.

### ١-٤- ئیبراهیم پێغەمبەر و هێمنی شاعیر، هەردوو شاسواری بروان

بە هۆی تاقیکارییەکی خواوەندەوە دەستوور بە ئیبراهیم دەدرێ کە چەقۆ لە ملی تاقە کوڕەکەی بنێ و بیکات بە قوربانی فەرمانی خودا. ئەو بە بێ دردۆنگی فەرمانبەرداری ئەم فەرمانە دەبێ و دوایی بە هاتنە خوارەوەی بەرانێک بە جێی کوڕەکەی لەم تاقیکارییە سەردەکەوێ.

کیەرکێگارد لە "ترس و لەرز"دا باسی جۆرە بڕوایەک دەکات کە کۆڵەکە و هەوێنی کەسایەتی و خەباتی ئیبراهیمە، "بە هۆی بڕواوە کە ئیبراهیم لە نیشتمانی خۆی وەدەرکەوت و بوو بە ڕێبواری نامۆی عەرزی مەوعوود، لە غوربەت و مەینەتیدا هیچ دڵخۆشییەکی نەبوو و هەموو شتێ بە لایەوە دڵتەنگ بوو، بەم حاڵەوە ئەو هەڵبژاردەی خودا بوو و خودا لێی ڕازی بوو (کیەرکێگۆر، ١٣٩٠: ٤٢)!، یان دواتر دەڵێ: شاسواری ڕاستەقینەی بڕوا، هەمیشە لە تەنیایی ڕەهادایە، تاکە، ڕەنج دەستەبەری دەکات بۆ دروستبوونی ڕێگاکەی (هەمان: ١٠٧ و ١٠٨).

ئیبراهیم بە هۆی تەحەمولی ڕەنج و سەرکەوتن لەو دۆخە نالەبارە دەبێتە شاسواری بڕوا، ، چونکە خودا گەورەترین پاڵپشتی ئەو بوو، بەڵام مام هێمن بە بێ یارمەتی خودا و بێ چاوەڕوانی پێزانین و پشتگیری و بارەقەڵایی خەڵک و کەسوکار و بنەماڵە و خزم و کەسوکار، یان سیستمی دەسەڵات، بەڵام بە هۆی ئەو بڕوا پتەو و ڕەسەنە کە بە خەبات هەیبوو، تووشی ئەو ئاوارەیی و نامۆییە بوو کە بەردەوام لە شیعرەکانیدا هاواری دەکات، تەنانەت غوربەتی هێمن گەلێک تراژیکترە لە غوربەتی ئیبراهیمی پشت قورس بە خودا، یان کوردێکی ئەوڕۆیی کە لە ئەورووپایە و لە هەموو دەرفەتە ئابووری و بازرگانییەکانی ئەو وڵاتانە کەڵک وەردەگرێ و خەباتی خۆی بە تۆڕە مەجازییەکان سنووردار کردووە، غوربەتی (هێمن)ی شاعیر ڕۆیشتن لە بارودۆخێکی نالەبار بۆ بارودۆخێکی نالەبارتر بوو، بڕوای ئیبراهیم ئاسمانییە و بڕوای هێمن زەوینی، بڕوای ئیبراهیم هەڵگری پاداشێکی گەورەیە و بڕوای هێمن دیسانەوە تەنیایی و ڕەنجەڕۆیی و خەفەتە، هێمن بە هۆی بڕوا بە گۆڕانکاری، خەبات، کرداری سیاسی، هەڵبژاردن، بەرپرس بوون بەرانبەر بە چارەنووسی

خەڵکەکە دەبێت بە شاسواری وێژە و خەباتی کوردی و دەتوانین وەک شاعیرێکی خەباتکار و بوونخوازی سیاسی ناوزەدی بکەین.

**چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من؟**
**چۆن لە ئەژنۆ بینەوە دوو دەستی من؟**
**چۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە؟**
**بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە**
**ژانی ناسۆری جودابیم چێشتووە**
**هەرچی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە**
**هەڵبڕاوم من لە یاری نازەنین**
**دەرکراوم من لە خاکی دڵ نشین**
**بوومە ئاوارە و پەڕیوەی دوور وڵات**
**کەوتمە نێو وردە داوی ڕێی نەجات.** (هەمان: ٢٨٣).

**٢-٤- بڕوا و هەڵبژاردنی "یان ئەم/ یان ئەو"**

ناوی یەک لە کتێبەکانی باوکی ئەم قوتابخانەیە، بەرهەمی "یان ئەم/ یان ئەو"ە کە باسی دوو قۆناغ لە بوونی تاک دەکات کە دەبێ یەکیان هەڵبژێرێ، بوونێکی ئەقلانی و بوونێکی هەستیاری و ئیستێتیک. ئێگزیستانسیالیزم لەم ئەندێشەوە چەکەرە دەکات، مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەم دوو جۆرە ژیانە، ئەوەی کە شێوازی ئیستێتیک هەڵدەبژێرێ، بە دوای ڕەزامەندی جەستەیی و بەدەنی و تێرکردنی حەز و چێژە تاکەکەسییەکانیەتی، ئەم جۆرە لە بوون ناپایەدار و خۆ وێرانگەرە، کەچی لەم سەردەمەدا و لەژێر کاریگەرییەکانی نیولیبرالیزم و دەروناسی نوێ، کەم کەسێ هەیە ئەم جۆرە لە بوونەی هەڵنەبژاردبێ!، بەڵام لە ژیانی ئەقلانی و ئاکاریدا، مرۆڤ چی دی لەم قۆناغە تێدەپەڕی و بە دوای ئافراندنی "خودی ئارمانی" دایە (استراترن، ١٣٧٨: ٣٢ تا ٣٧).

(هێمن)ی شاعیریش دەیتوانی بە بێ هەست بە بەرپرسایەتی لە بەرابەری خود و ئارمانجەکان و گەل و نیشتماندا، مرۆڤێکی ئاسایی بێ و بە پێی ماڵ و سامانێک کە بۆی بەجێمابوو ژیانی ئیستێتیک هەڵبژێرێ، بەڵام ئەو بە پێی ئیرادە و ئیختیاری خۆی شێوازە بەرپرسانە و ئاکارییەکەی هەڵبژارد و لە پێناوی ئازادیدا هەنگاوی هەڵێنا، ئەو شاسواری خەبات بوو، بڕوای بە شۆڕش و ئازادی کورد بوو، لە شیعری "ئامێزی ژن"دا بە جوانی ئەم هەڵبژاردە وشیارانە خۆی دەنوێنێ:

**جاران پەناگەی شەوانم**
**ئامێزی ئاوەڵای ژن بوو**
**گەرمی و نەرمی ئەو ئامێزە**
**مایەی حەسانەوەی من بوو**
**دەردی ژیان، ڕەنجی خەبات**
**ماندوو بوونی ڕۆژی ناخۆش**
**بە شەو لە ئامێزی ئەودا**
**هەمووم دەکردن فەرامۆش**
**بەڵێ سەختە، یەکجار سەختە**
**دووری لە ژن، نامرادی**
**بەڵام لە ژن خۆشەویست تر**
**لە لای من ئەتۆی، ئازادی!** (هەمان: ٢٢١).

**٥- چەمکی شۆڕش لای (هێمن)ی شاعیر و کامو**

"من شۆڕش دەکەم، کەواتە ئێمە هەین." ئەمە وتەیەکی بە ناوبانگی کاموە، لە ساڵی ١٩٥١دا کتێبێکی بە ناوی " مرۆڤی شۆڕشگێڕ" چاپ کرد.

بە ڕای کامو، مرۆڤ لە ڕێگای "شۆڕش"ەوە دەگاتە ئازادی و ئاگایی، هەر بۆیە ئیتر مرۆڤی شۆڕشگێڕ نهیلیست نییە، چونکە بەرەنگاری نادادپەروەری دەبێتەوە، شۆڕش بۆ دادخوازی پێویستە، چیتر ئارمانج پاساوی ئامێر ناکات و توندوتیژی لە "شۆڕش"دا تەنیا ئەو کاتە دێتە پەژراندن کە شۆڕشگێڕەکان مەرگی خۆیان بپەژرێنن(کامۆ، ١٣٩٤: ٨٨ و ٨٧).

**گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن**
**قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن**
**گەر لە برسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم**
**نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن**
**من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە**
**لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن**
(هەمان: ٩٥).

تاکە شتێک کە دەتوانێ مرۆڤ لە پووچی ڕزگار بکات و واتا بە ژیان ببەخشێ و هاوکات بەو واتایەوە بتوانێ بەرگەی ژیان بگرێت و درێژەی پێ بدات، لە ڕوانگەی کاموەوە شۆڕشە، شۆڕش ئەو چەمکەیە کە قورسایی بەردەکەی سەر شانی سیزیف، کە هەموو ڕۆژێ دەیباتە سەر لووتکەکە و بەردەبێتەوە، سووک دەکاتەوە، شۆڕش ئەو چەمکە مەزنەیە کە هێمن موکریانی ناچار دەکات لە نێوان ژیانی ئیستێتیک و عەقلانی، ژیانە عەقلانییەکە

هەڵبژێرێ و لە پێناویدا نامۆیی و ئاوارەیی و ڕەنج و کول و ژان وەک چارەنووسی خۆی لە ئامێز بگرێت.

## ٦- ژن لە شیعرەکانی (هێمن)دا

دەرسی بنەمـــایی بوونخـــوازی ئەوەیە کـــە مـــرۆڤ، بوونەوەرێکی بکەر و ئازاد و موختارە و کەس ناتوانێت لە بری ئەوی دی بڕیار بدا، (وارنۆک، ١٣٨٦: ١٠٤)، هەروەها ئاکـــاری بوونخـــوازی، لایەنگەری لەو قـــســـە بەناوبانگەی کانت دەکات کە دبێـژێ:" بە پێی نەریتێ هەڵسوکەوت بکە کە هاوکات بتەوێ گشتی بێتەوە"، واتە ئەوەی کە بۆ خۆت دەخوازی بۆ خەڵکیشی بخوازە.

کـــاتێ بتـــوانین خـــوێندنەوەیەکی بوونخـــوازانە لە شـیـعـرەکـانی هێـمن بکەین و بنەمـای بوونخـوازیش گرینگایەتی مرۆڤ بێ، وەک سووژەیەکی وشیار و خاوەن وزە و ئیرادە، خاوەن بوار و دەرەتان ئەوە چەمکی ژن لە شیعرەکانیدا گرینگایەتی تایبەتی هەیە و پێویستە بە چەند خاڵی سەرنجڕاکێش ئاماژە بکرێ:

پێناسـەی جـوانیناسی ژنانە لە فـۆلکلۆر و شـیـعـرە کـلاسـیکە کـوردیـیـەکـاندا لە ڕوانگەی پیـاوی کـوردی لادێییەوە بووە، ژن ئۆبژەیەکی بەرهەست و بێـدەنگ بووە کـە لە ژینگە (زیست- جـیـهـانی) پیـاودا بە توخـمـە سروشـتـیـیـەکـانەوە دێتە شـوبهـاندن، ژن بە فـریشـتـە و ئەهریمەن دەشوبهێنرێ، بە هەمـوو جۆرە ئاژەڵ و باڵندە و مـیـوەیەک جگە لە ژنی بەرهەست! تەنانەت ژنان ئەگـەر بیانەوێ خۆیان وەسف بکەن هەر کەڵک لەو چەمکە پیاو جـەمـســەرانەیە وەردەگـرن و نـاتوانن لە بازنەی ئەم ناسنامەیە بچنە دەرێ: مەمکی وەک هەنار، بەی، سێو، لیـمـۆ، هۆڵوو، یان بە وتەی حـەسـەن زیرەک پەنیـری کوردی!، لێوی وەک ئاڵوباڵوو، گەردن زەرد، گەردن قاز و... تاد.

ژن لە ڕوانگە و ژینگەبینی پیـاوی کـوردەوە، نەک بکەر، بەڵکو بەرکـــارە، پێناســـەشی بە پێی جـۆری پێوەندییەتی لەگەڵ پیاودا، نەک کەسایەتییەکی ئازاد و سەربەخۆ، پێناسەگەلی وەک: دایک، خوشک، بێوەژن، ژن، یار...تاد، لە باری خـوو و ئاکـاریشـەوە هەر لە چوارچێوەی حەز و خواستی پیاودایە، نەک کرداریکی بکەرانە و تایبەت بە جیهانبینی خۆی، بۆ نموونە زۆربەی کەسایەتییەکانی ژن لە شیعر و فۆلکلۆری کوردیدا بەم چەشنەیە:

ا) دایکێکی ڕەنجـەڕۆ و فـیـداکـار و جـەرگ سـووتاو و بەسـتـەزمـان و چەوسـاوە لە لایەن پیـاو، کـۆمـەڵگە، دەسەڵات و ئایین.

ب) یارێکی کـەم تەمـەن و جـوانکیلە و بەرقـەوڵ وەک بەرخ!

ج) کچە عـەیارێکی بە فـیـز و خەمزە و نازفرۆش کە وردە وردە بە هەڵگوتن و پاڕانەوەی یارەکـەی دەسـتـەمـۆ دەبێ.

د) یان شـاجـوانێکی خـۆبایی و بە زەبر و قـەڵـسـە، چونکە قـەت خـۆ بە دەسـتـەوە نادا، وردە وردە دەبێـتـە کوژەری یارەکەی.

لە هەندێک شیعری (هێمن)ی شاعیردا کچی کورد هەڵگری هەمـان پێناسـەی جـوانیناسـانەی ناو شـیـعـرە کوردییەکانە، بە تایبەت لە شیعرە عاشقانەکانیدا کە وەسفی کچی سروشتی و لادێیی دەکات.

بەڵام ئەو شتـەی وا خاڵی گرینگی ئەم باسەیە، جۆرە ڕوانینی تایبەتی هێمنە بۆ ژن کە لە شاعیرانی تردا، بە تایبـەت شـاعـیـرە تازەکـان کـە لە ئەوروپا و لە شـارە گەورەکـاندا دەژین و ئەوانەی کە وەک قوبادی جەلیلزادە زۆرترین گـرینگایەتیـیـان بە چەمکی ژن داوە، بە دی ناکرێ.

ئەوەی کە هێمن لە شاعیرانی تر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کـــە ژن وەک ئۆبژەیەکی بەرهەست و بێـــدەنگ، یان گرێدراوی جۆری حەز و ئاوات و پێوەندی تاکەکەسیی شاعیر لەگەڵیدا نییە، لە زۆربەی شیعرەکانیدا، ژن بوونەوەرێکی خـاوەن وزە و تواناییـە و کـە نابێ خـۆی بەیدەستی زەبر و چارەنووسی کۆمەڵگە بکات و شاعیر بەرەو پێشکەوتن و خوێندەواری و زانایی هانی دەدا.

**کیژی خەڵکی بۆمبی ئاتۆمی دروست کرد و ئەتۆش**
**هەر دەزانی ناوی "ئەستێوڵک و دەرخۆنە و پنە"**
**فێری زانست و هونەر بوو ئەو لە سایەی خوێندنی**
**تۆش تەشیمان بۆ دەڕێسی، یادگاری شیرنە.**
**ئەو بە ئاسمانا فڕی، دنیا گەڕا، چووە بن بەحر**
**دەک نەمـــێنم کـــاری ئێـــوەش هەر لە ژوور دانیشتنە.** (هێمن: ١٢١).

### ٦- ١- دژایەتی هێمن لەگەڵ سەرپۆشی زۆرەملێدا

خـــاڵێکی تر کـــە شـــایانی ئامـــاژە پێکردنە، بەرەنگاربوونەوەی شـاعـیـرە لەگـەڵ سـەرپۆشی زۆرەکی

ژناندا

بەرەنگاربوونەوەی (هێمن)ی شاعیر لەگەڵ سەرپۆشی زۆرەکی ژنان، لە پێناوی دژایەتی لەگەڵ ئازادی ژنە، دژایەتی لەگەڵ کۆنەپەرستی و بە کۆیلە زانینی ژنە، تێگەیشتن لە چەمکی ئازادی بە هەموو ماناکانیەتی، ڕاستییەکەی بە خاتری خودی ڕاستەقینەی ژنە.

**ئەو پەچە و ڕووبەند و چارشێوەی نەدیوە نەنکی تۆ**
**ئەو شڕ و شاڵاتە دیاری دوژمنی دڵ چڵکنە**
**نایەڵێ گۆشەی برۆکەت دەرکەوێ، چارشێوەکەت**
**ئەی لە دەس ئەو چڵکە هەورە مانعی مانگ گرتنە**
**داڕزینە، مردنە، ئاخر هەتا کەی پێت بڵێن**
**نابێ بێیتە دەر لە ماڵ، مافی ژیانی کوا؟ ژنە**
**لادە چارشێوی ڕەشت با دەرکەوێ کوڵمەی گەشت**
**چون لە قەرنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو ڕوو گرتنە**

هەرچەند ئەم چەمکە لە شاعیرانی کۆن و تازە بە جۆرگەلێکی جیاواز بە دی دەکرێ، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کە نەک زۆر جددی، بەڵکو زیاتر جۆرە گلەییەکە لە دەست پێڕانەگەیشتنی پیاو بە جوانییە ڕواڵەتییەکانی ژن کە بووەتە کۆسپێک لە بەرانبەر چێژی غەریزی پیاودا! لە زۆر شوێنیشدا داکۆکی لە سەرپۆش و ڕووگرتن دەکرێ، چونکە نیشانەی ماقوولی و بە ئەخلاق بوونی ژنە، بگرە واتایەکی جوانیناسانەشی پێ بەخشیبێ، بە هەر لایەکدا کە سەیری بکەین تەنیا شتێک کە لە بەرچاو ناگیرێ، سوود و زیانی ژنە، بەڵام ژنی ناو شیعرەکانی (هێمن)ی شاعیر، ژنە کوردێکی ئازاد و پێشکەوتووە، کە بناغەدانەری ئازادیی گەلەکەیەتی.

ڕەزا خان لە سەردەمی مەشرووتەی ئێرانیدا کاتێ ویستی ئێران بەرەو ڕەوتی مۆدێرن بوون و پێشکەوتن ببات، سەرەڕای پرۆژە ئاوەدانی و زانستییەکانی، سەرپۆشی لەسەر ژنان لابرد، ژنی ئێرانی بۆ ئەوەی وڵاتەکەی مۆدێرن بکاتەوە لەچک و چارشێوی بە زۆری لەسەر لابرا، بەڵام بە جێی جلوبەرگی فارسی، کە یەک لە نیشانەکانی شوناسی ئەو بوو، جلی بیانی لەبەر کرا و ئێستا دەبینن کە یەکێ لە هۆکارەکانی قەیرانی شوناسی فارس، نەمانی ئەو مێژووەیە و ئەو جلوبەرگە ڕەسەنە فارسییەیە، بەو چەشنەی کە ئەمڕۆکە " کۆت و داوێن و ماکسی و مینی ژووپ" بە جلی فارسی ناوزەد دەکرێ، ئیتر کەس ئەو جلە ڕەنگامە و چین چینییەی فارسی بیر نەماوە!

بەڵام ژنی ناو شیعرەکانی هێمن پێویست ناکات بۆ پێشکەوتن و مۆدێرن بوونەوە خۆی هەڵواسێتە کەرەستە و ئێلێمانی مۆدێرنی بیانییەوە. مۆدێرن بوون لای هێمن بە مەرجە، مەرجی لەبەرچاوگرتنی نەریت و بەستێنی کوردی هاوکات بە زەینێکی ئازاد و بیرێکی کراوەوە.

لە شیعری "کیژی لادێ"دا دەڵێ:

**کیژی لادێی نەشمیلی جوان چاک!**
**ئەتۆ هەر زگماک وەها جوانی**
**"تەوالێت" چییە؟ ناوی نازانی**
**"پۆدر و کرێم و ماتیکت " نییە**
**هەر نەتبیستووە" ئۆدی کۆلۆن" چییە!**
**نەتکرد سووراو و سپیاو چۆن دووری**
**لە شاری کەچی هەر سپی و سووری**
**"فێر"ت لێ نەدا، بسکەکەت لوولە**
**ڕێژیت نەگرت بەژنت وەک توولە**
**کوڵمەکەت وەک گوڵاڵەی گەشە**
**بێ سورمەش چاوە مەستەکەت گەشە** (هێمن: ١١ و ١١٢).

**٦-٢- واتای پێشکەوتنی ژن لە ڕوانگەی (هێمن)ەوە**

پێشکەوتن لە لای هێمن نەک ڕواڵەتی و لاوەکی و ئاوەکی، بەڵکو بنەمایی و هزری و دەروونییە، لە پێناوی گەشەکردنی کەسایەتی ژنە، لە پێناوی ئازادی ژنە بۆ چێ کردنی کەسایەتی و چییەتییەکی سەربەخۆ کە ببێتە هۆی پچڕانی زنجیرەکانی، هەروەها بەرەوپێش بردنی ئاستی زانیاری گەلەکەی، چونکە شاراوە نییە کە ژن بنەما و پەروەردەگەری کۆمەڵگەیە، بۆ هێمن، ژن هەر بەو جلە کوردییانەیەوە، هەر ئەو کچە لادێییە توانایی جیهانی بوونەوەی هەیە و لە شیعری "کیژی لادێ"دا باسی لێوە کراوە.

**٦ -٣- ژن و شۆڕش و ئازادی لە شیعری (هێمن)دا**

وەک ئاماژەمان پێ کرد، ڕوانینی هێمن بۆ ژن ئینسانییە و ژن بە هەموو بوارەکانی وجوودییەوە لای ئەو ژنە و نەک تەنیا جوانی و جەستە، کەواتە لەبەدی هاتنی خەونی ڕزگاری گەلەکەشی شان بە شانی پیاو لە سەنگەری شەڕدا چەک بە دەستەوە دەگرێ و سەرەڕای بیر

کـردنەوە لە پێـشکەوتن و خـوێندن و گـەشـەی لایەنە زانسـتـییـەکـانی خۆی، دەیەوێ لە بواری سـیـاسـیـشـدا خەبات بکات و بکەر بێ.

ڕەنگە هێمن یەکەم شاعیر بێ کە لە ساڵی ١٣٤٢دا، کاتێ کە خەباتی سیاسی ژنانی کورد هێشتا کرچوکاڵ بوو، باسی ژنی شۆڕشگێڕی کرد و ئەو لایەنە وجوودییەی ژن بە جـوانتـرین شـێـوە لە شـیـعـری " گـوڵی هیـوا" دەستنیشان کرد.

دەڵێی (هێـمن)ی شـاعـیـر پێـشـبـینی حـیـمـاسـەی (کـۆبانێ)ی کـردووە و تەسـویری ژنی شـەڕڤـانی لەم شیعرەدا کێشاوە.

**ئەختەر کچی کوردی چاومەست!**
**ئیلهام بەخشی شیعری پڕ هەست**
**ئەی پێشمەرگەی میللەت پەرەست**
**کە دیتمی تفەنگ بە دەست**
**زانیم گوڵی هیوا پشکووت**
**بەیانی ئازادی ئەنگووت**
**ئەختەر پێشمەرگەی کۆڵنەدەر!**
**ناڕێژی چاو، سوور ناکەی لێو**
**شانە ناکەی بسکی پەشێو**
**یەکجاری فڕیت دا چارشێو**
**ئەوە رووت کردە چڕ و کێو**
**دەبڕی جەرگی دوژمنی زۆڵ**
**بە سەر نەیزە، نەک بە مژۆڵ** (هێمن: ١٩١).

### دەرەنجام

ئەگزیستانسیالیزم و وێژە پێوەندییەکی توندوتۆڵیـان پێکەوەیە، فەیلەسووفەکانی ئەم قوتابخانەیە لە ڕێگەی شانۆنامە و چیـرۆک و ڕۆمـانەکـانیـانەوە توانییـان ئەو زەمـانە سـەخت و سـاردەی فـەلـسـەفـە بکەنە چێـژێکی جوانیناسانە و هاوکـات هەوێنەکـانی ئەو ئەندێشـەیەش بنوێننەوە، هەر بەو پێـیـەش لەم بابەتەدا هەوڵ درا کـە لایەنە بوونخـوازەکـانی بەشـێـک لە بەرهەمـەکـانی (هێـمن)ی شـاعـیـر بەدیار بخرێت و چەمکگەلی وەک ئازادی، ئیختیار، بەڵێنداریتی، هەڵبژاردن، ڕەنج.

ڕاستە کە لە سـەرەتاوە تەنیـا لەو شێـوازە ئەدەبیـانە، بوونخـــوازی پەرەی پێ درا، بەڵام دوایی لە هەمـــوو شێـوازێکی هونەریدا هاتە بەر باس، لە شـیـعـری ئێـراندا نموونەی بەرهەسـتی وێژەی ئێگزیسـتـانسـیـالیـسـتی لە شیعرەکانی شاملوو و پەرویزی ناتێل خانلەری وە بەرچاو دەکەوێ.

لە شیعری کوردیدا چەمکەکانی بوونخوازی بە ڕوونی لە لای مامۆستا هێمن بە دی دەکرێ، ئەم چەمکانە هێندە بە وزە و کـاران، هێندە ڕاسـتــەقـینە و گـرێدراوی ڕاسـتـییـەکـانی ژیانی خـەڵک و پرسی وجوودی کـورد و بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردەوارییە کە کاتێ لە شیعری (هێـمن)دا کـراسـێکی جـوانیناسـانە لەبەر دەکـات، کاریگەرییەکانی دوو ئەوەندە دەبێتەوە.

بەردەنگی شیعرەکانی هێمنی خەباتکار، نە بەردەنگی تایبـەتە و نە چینێکی دیاری کـراو، تەنیـا مـرۆڤی چەوساوەیە، زمـانی شـیـعـرەکـانی، زمـانێکی سـاکـار و دەوڵەمەندە و هەمووان لێی تێدەگەن.

بوونخـوازی باسی مـرۆڤ دەکـات و هەوێنی سـەرەکی شـیـعـرەکـانی هێـمن، مرۆڤـە، بۆیە دەتوانین ئەم پیـاوە کە زمـانی ئازارەکـانی زەمـانە و ئێـسـتـاشـە، بە شـاعـیـری بوونخوازی سیاسی کورد ناوزەد بکەین.


**ژێدەر و سەرچاوەکان:**

**١- اسـتـراترن، پل، آشنایی با سـارتر، ترجـمـەی زهرا آرین، تهران، نشر مرکز، چاپ دوم، ١٣٨٢.**

**٢- اسـتـراترن، پل، آشنایی با کرکگور، ترجـمـەی علی جـواد زادە، تهران، نشر مرکز، چاپ اول، ١٣٧٨.**

**٣- کرکگور، سورن، ترس و لرز، ترجمەی عبدالکریم رشیدیان، تهران، نشر نی، چاپ نهم، ١٣٩٠.**

**٤- دیوانی هێمن، چاپی یەکەم، کوردستانی ئازاد، ٢٠١٢.**

**٥- کامو، آلبر، پرومتە در جهنم- نقد رمان گاعون، ترجمەی کامل روزدار، تهران، نشر اشارە، چاپ اول، ١٣٩٤.**

**٦- وارنوک، مـری، اگـزیسـتـانسـیـالیـسم و اخلاق، ترجـمـەی مسعود علیا، تهران، ققنوس، چاپ اول، ١٣٨٦.**

**٧- لاوین، ت.ز، از سقـراط تا سارتر، پرویز بابایی، تهران، نشر نگاە، چاپ چهارم، ١٣٧٨.**

**٨- فلین، توماس، اگزیستانسیالیسم، ترجمەی حسین کیانی، تهران، نشر بصیرت، چاپ اول، ١٣٩٠.**

**٩- سـارتر، ژان پل، ادبیـات چیـست؟، ابوالحـسن نجـفی و مصطفی رحیمی، تهران، کتاب زمان، چاپ اول، ١٣٤٠.**

**١٠- نوالی، محمود، فلسفەهای اگزیستانسیالیسم تطبیقی، تبریز، دانشگاە تبریز، چاپ اول، ١٣٧٢.**